# رووپێوی هەرزەکاران و لاوان لە هەرێمی کوردستان 2019

## کورتکراوەی شیکاری رووپێو

لاوان بناغەی کۆمەلگان. بۆیە بایەخ دان و پەرەپێدان و بەرزکردنەوەی ئاستی توانستیان و سوود وەرگرتن لە تواناکانیان ئامانجی حکومەتی هەرێمی کوردستانن. بەپێی دوا خەملاندنی دانیشتوان لە دەستەی ئامار بۆ سالی 2018 هەرزەکاران و لاوان لە تەمەنی (10-30) 39.5 % کۆمەلگا پێکدەهێنن لەسەرئاستی هەرێمی کوردستان . دوابەدوای ئەنجامدانی رووپێوی هەرزەکاران و لاوانی تەمەن (10-30) سالی بۆ یەکەم جار لە سالی 2009 ئەنجامدرا، بە پێویست زانرا دوای ئەو گۆرانکاریانەی کە بەسەر وولات هاتووە و گۆرانکاری دیمۆگرافی لە ناوچەکە دوای سالی 2014 روویانداوە بەهۆی رووداوی نەخوازراو کە رووبەرووی وولات بۆتەوە وەك هێرشی رێکخراوی تیرۆریستی (داعش) و تیکچوونی بەشێك لە شار و شارۆچکەکان لە عیراق بە گشتی، هاتنی بەشێکی زۆری ئاوارەکانی پارێزگاکانی تری عیراق بۆ هەرێمی کوردستان، لە سالی 2018 دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و دەزگای ناوەندی ئاماری عیراق بە هاوبەشی لەگەل وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی وەرزش و لاوانی عیراق و بە هەماهەنگی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان UNFPA ئامادەکاریان دەست پێکرد بۆ ئەنجامدانی ئەم رووپێوە و دوای تەواو بوونی هەموو ئامادەکارییەکان لە سەرەتای مانگی ئاداری 2019 کاری مەیدانی دەستپێکرد کە ماوەی 25 رۆژی خایاند.

### نموونەی رووپێوەکە:

نموونەی رووپێوەکە بەشێوەی بوار (عنقود) ئەنجامدرا. مەبەست لە بوار (عنقود) رێکخستنەوەی خێزانە بەشێوەیەکی ئاماری بەمەبەستی ئامادەکردنی ئەو خێزانە بۆ سەردانی توێژەران و ئەنجامدانی چاوپێککەوتن لەگەلیان.

جێگای ئاماژە پێکردنە نمونەی رووپیوەکە بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (هەولێر ، سلێمانی، دهۆك) دابەش کرابوو بۆ هەرپارێزگایەك 125 بوار بۆ هەر بوارێك 5 خێزان واتە کۆی گشتی بۆ هەرپارێزگایەك 625 خێزان و بەلەبەر چاوگرتنی هەردوو ژینگەی شارنشین و گوند نشین بۆ ئەوەی ئەنجامەکانی رەنگدانەوەیەکی تەواوی هەرزەکاران و لاوان بن لەسەر ئاستی کۆمەلگا. لەگەل ئەوەشدا رەچاوی ئەوە کراوە لە هەربوارێك خێزانی ئاوارە یاخود پەنابەر هەبوون هاوشێوەی خێزانەکانی تری دانیشتوی هەرێمی چاوپێکەوتنیان لەگەل ئەنجامدراوە.

لە هەرێمی کوردستان 375 بوار هەلبژێردرابوو بۆ چاوپێکەوتن بۆ هەربوارێك 5 خێزان واتە 1875 خێزان کە پێکهاتبوو لە 4811 کەس لە تەمەن (10-30) سالی، ژمارەی ئەو خێزانانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەل ئەنجامدراوە 1864 خێزان بوو کە پێکهاتبوو لە 4392 کەس لە هەمان گروپی تەمەن. بەم شێوەیە 93.2% ئەو خێزانانەی چاوپێکەوتنیان لەگەل ئەنجامدراوە خۆجێین و 6% خێزانە ئاوارەکانن (پێش سالی 2014 و دوایی 2014 ) و 0.8% پەنابەرن.

**ئامانجی رووپێوەکە:**

1. دابین کردنی زانیاری بنەرەتی بەسوود بەشێوەیەك رەنگدانەوەی گوزەرانی لاوان لەسەرئاستی ناوچەکە لەخۆوە بگرێت و کە پەیوەندی بە خۆشگوزەرانی و کۆمەلایەتی و ئابووری، مافی شارستانی/ بەشداریپێکردنی لاوان لە بوارە جۆراوجۆرەکان کە ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ دانانی بەرنامەی پەرەپێدانی نیشتمانی.
2. دارشتنی نەخشەی دابەشبوونی گروپی لاوان و هەرزەکاران بۆ دیاری کردنی جۆرایەتی و جیاوازی لە خزمەتگوزایەکان و دیاریکردن و چەسپاندنی گروپی تەمەن و پۆلین کردنیان لەسەر بنەمای جۆری کۆمەلآیەتی.
3. ئامادەکردنی داتابەیسێك بۆ ئەو نیشاندەرانەی کە بەدەستهاتوون لەم رووپێوە بۆ ئەوەی بەکاربهێنرێن بۆ ئاراستەکردنی سیاسەتەکان لە قازانجی هەرزەکاران و لاوان.

لەم خشتەی خوارەوە بەشێك لە نیشاندەرە گرنگەکانی رووپێوەکە دەخەینە روو لە بوارە جیاجیاکان لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و بەراورد کرندنیان لە پارێزگاکانی تری باشور و ناوەراستی عیراق.

# نیشاندەرە سەرەکیەکانی رووپێوی هەرزەکاران و لاوان 2019

| | نیشاندەرەکان | هەرێمی کوردستان | بغداد | پارێزگاکانی تری عێراق |
|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی سەدی باری خێزانداری هەرزەکاران و لاوان لە تەمەنی (10-30) سالی | ئەوانەی سەلتن | 82.6 | 79.3 | 77.1 |
| | ئەوانەی هاوسەرگیریان کردووە | 16.7 | 19.4 | 22.1 |
| | ئەوانەی تەلاق وەرگرتووە | 0.4 | 0.9 | 0.5 |
| | بێوەژن / بێوە پیاو | 0.0 | 0.3 | 0.2 |
| | ئەوانەی جیابوونەتەوە | 0.2 | 0.1 | 0.1 |
| | ڕێژەی ئەوانەی دایکیان لەژیان ماوە | 97.9 | 97.5 | 97.5 |
| | ڕێژەی ئەوانەی باوکیان لەژیان ماوە | 92.4 | 88.9 | 90.1 |
| | **خوێندن** | | | |
| (ڕێژەی سەدی) هەرزەکاران و لاوان لە تەمەنی (10-30) سالی | ئەوانەی ئێستا بەردەوامن لە خوێندن | 60.2 | 55.2 | 51.8 |
| | ئەوانەی هەرگیز پەیوەندیان بە خوێندن نەکردووە | 2.3 | 4.6 | 5.2 |
| | ئەوانەی بەردەوامن لەخوێندن و لە کەرتی حکومی بێ بەرامبەر دەخوێنن | 92.6 | 92.8 | 95.6 |
| | ئەوانەی بەردەوامن لەخوێندن لە کەرتی حکومی بە بەرامبەر دەخوێنن | 1.3 | 1.2 | 0.6 |
| | ئەوانەی بەردەوامن لەخوێندن لە کەرتی تایبەت (أهلی) دەخوێنن | 6 | 6 | 3.9 |
| | **تەندروستی** | | | |
| (ڕێژەی سەدی) هەرزەکاران و لاوان لە تەمەنی (10-30) سالی | ئەوانەی باری تەندروستیان باش هەلدەسەنگێنن | 91.9 | 90.3 | 91.4 |
| | ئەوانەی باری تەندروستیان مامناوەند هەلدەسەنگێنن | 6.5 | 8.2 | 7.5 |
| | ئەوانەی باری تەندروستیان خراپ هەلدەسەنگێنن | 1.5 | 1.4 | 1.0 |
| | **نەخۆشیە گوازراوەکان بە ڕێگای سێکس** | | | |
| (ڕێژەی سەدی) لاوانی تەمەن (18 - 30) سالی | ئەوانەی گوێبیستی نەخۆشی ئایدز بوون | 92.9 | 83.9 | 81.0 |
| | ئەوانەی گوێبیستی نەخۆشی ئایدز نەبوونە | 7.1 | 16.1 | 19.0 |
| | ئەوانەی بەلایەنی کەم نەخۆشیەک دەزانن کە بەڕێگای سێکس ئەگوازرێتەوە | 88.5 | 76.3 | 76.9 |
| | **تەندروستی و مندالبوون بۆ نێرینە** | | | |
| (ڕێژەی سەدی) لاوانی تەمەن (15 - 30) سالی | ئەوانەی زانیاریان وەرگرتووە لەسەر گۆرانکاریە جەستیەکان لە ماوەی بالغ بوون | 56.0 | 57.7 | 54.9 |
| | ئەوانەی هیچ ڕێگایەك نازانن بۆ ڕێگری لە سکپڕی | 28.5 | 18.7 | 20.5 |
| (ڕێژەی سەدی) هەرزەکاران و لاوانی تەمەن (10 - 30) سالی و هاوسەرداران | ناوەندی تەمەن لەیەکەم هاوسەرگیری | 23 | 21 | 21 |
| | ئەوانەی هاوسەردارن یان پێشتر هاوسەرگیریان کردووە و 2 هاوسەریان هەیە | 0.7 | 1.4 | 0.9 |
| | ئەوانەی پێش هاوسەرگیری پشکنینی پزیشکیان کردووە | 96.5 | 94.2 | 96.5 |
| | ئەوانەی هاوسەرگیریان کردووە و خۆی یان هاوسەرەکەی ڕێگاکانی ڕێگری لە سکپڕی بەکاردەهێنن | 54.5 | 39.1 | 23.4 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| **تەندروستی و منداڵبوون بۆ مێینە** | | | | |
| (ڕێژەی سەدی) لاوانی تەمەن (15 - 30) ساڵ | ئەوانەی زانیاریان وەرگرتووە لەسەر گۆڕانکارییە جەستیەکان لە ماوەی مالغ بوون | 65.6 | 78 | 72 |
| | ئەوانەی هیچ ڕێگایەك نازانن بۆ ڕێگری لە سکپڕی | 17.5 | 20 | 13.9 |
| (ڕێژەی سەدی) هەرزەکاران و لاوانی تەمەن (10 - 30) ساڵی و هاوسەردارن | ناوەندی تەمەن لەیەکەم هاوسەرگیری | 19 | 17.9 | 18.0 |
| | ئەوانەی پێش هاوسەرگیری پشکنینی پزیشکیان کردووە | 94.9 | 90.6 | 94.0 |
| | ئەوانەی هاوسەرگیریان کردووە و خۆی یان هاوسەرەکەی ڕێگاکانی ڕێگری لە سکپڕی بەکاردەهێنن | 61.3 | 39.7 | 38.7 |
| | ئەوانەی هاوسەردارن یان پێشتر هاوسەرگیریان کردووە و منداڵیان بووە | 80.2 | 77.7 | 76.6 |
| | ئەوانەی هاوسەردارن یان پێشتر هاوسەرگیریان کردووە و منداڵیان بووە و چاودێری پزیشکیان وەرگرتووە لە دوا سکپڕی | 97.4 | 90 | 92.2 |
| **باری خۆراك** | | | | |
| (ڕێژەی سەدی) هەرزەکاران و لاوانی تەمەن (10 - 30) ساڵ | ئەوانەی کێشیان دەپارێزن | 45.1 | 70.5 | 72.9 |
| | ئەوانەی گرنگی بە کێشیان نادەن | 11.8 | 14.4 | 11.4 |
| | ئەوانەی هەولیان داوە بگەن بەو کێشەی دەیانەوێت | 36.7 | 8.9 | 10.0 |
| | ئەوانەی ژەمی بەیانی ناخۆن | 8.2 | 2.5 | 2.9 |
| **تەندروستی دەروونی و کۆمەڵایەتی و کاتە بەتاڵەکان** | | | | |
| (ڕێژەی سەدی) لاوانی تەمەن (15 - 30) ساڵ | ئەوانەی خوێندن بە گرنگ دەزانن و ئەولەویەتی پێدەدەن | 39.9 | 33.9 | 32.5 |
| | ئەوانەی تەندروستی بە گرنگ دەزانن و ئەولەویەتی پێدەدەن | 29.1 | 39.5 | 36.0 |
| | ئەوانەی گرنگی بە سەر و سیمای دەرەوە دەدەن و ئەولەویەتی پێدەدەن | 21.9 | 32.3 | 25.6 |
| | ئەوانەی کارکردن بە گرنگ دەزانن و ئەولەویەتی پێدەدەن | 22.4 | 25.9 | 23.6 |
| | ئەوانەی ئەنتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە گرنگ دەزانن و ئەولەویەتی پێدەدەن | 12 | 19.8 | 9.9 |
| | ئەوانەی گرنگی بە هیچ نادەن | 1.6 | 5.6 | 4.2 |
| | ئەوانەی سەرکەوتن لە خوێندن بە گرنگترین ئامانج دەزانن لە داهاتویەکی نزیکدا | 25.9 | 21.0 | 21.0 |
| | ئەوانەی بەدەستهێنانی کارێکی گونجاو بە گرنگترین ئامانج دەزانن لە داهاتویەکی نزیکدا | 23.2 | 16.4 | 15.2 |
| | ئەوانەی بە دەستهێنانی بڕوانامەی باڵا بە گرنگترین ئامانج دەزانن لە داهاتویەکی نزیکدا | 6.3 | 6.2 | 4 |
| | ئەوانەی باشترکردنی باری ئابووری بە گرنگترین ئامانج دەزانن لە داهاتویەکی نزیکدا | 13.4 | 22.2 | 15.1 |
| | ئەوانەی دروستکردنی خانووەکی سەربەخۆ بە گرنگترین ئامانج دەزانن لە داهاتویەکی نزیکدا | 11.9 | 12.5 | 10.8 |
| | ئەوانەی چوون بۆ وولاتێکی تر بە گرنگترین ئامانج دەزانن لە داهاتویەکی نزیکدا | 5 | 1 | 1 |
| | ئەوانەی هیچ ئامانجێکیان نی یە بۆ بەدیهێنان لە داهاتویەکی نزیکدا | 2.5 | 2.5 | 3.4 |
| | ئەوانەی پێیان وایە بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو بەشێوەیەکی گشتی ژیانیان باشتر بووە | 59.5 | 36.9 | 41.8 |
| | ئەوانەی پێیان وایە لە ساڵی داهاتوو بەشێوەیەکی گشتی ژیانیان باشتر دەبێت | 71.7 | 53.3 | 62 |
| | ئەوانەی ڕایان وایە هەژاری هۆکارە بۆ خواردنەوەی کحول لە لایەن لاوانەوە | 16.2 | 27.4 | 19.5 |
| | ئەوانەی ڕایان وایە بێکاری هۆکارە بۆ خواردنەوەی کحول لە لایەن لاوانەوە | 45.6 | 41.7 | 33.8 |
| | ئەوانەی جگەرەیان کێشاوە | 77.4 | 77.8 | 77.6 |
| | ئەوانەی کحولیان خواردۆتەوە | 6.6 | 1 | 0.9 |
| | ئەوانەی (جگەرە، نێرگەلە، نێرگەلەی ئەلیکترۆنی) یان کێشاوە | 20.2 | 13.6 | 11.5 |
| | ئەوانەی پێش تەمەنی 15 ساڵ (جگەرە، نێرگەلە، نێرگەلەی ئەلیکترۆنی) یان کێشاوە | 36.6 | 7.6 | 11.3 |
| | ئەوانەی توانا و بەهرەی تایبەت بەخۆیان هەیە | 29.8 | 9.4 | 8.2 |
| | ناوەندی کاتژمێرەکانی بەتاڵ کە لاوان هەیانە ڕۆژانە (متوسط عدد ساعات الفراغ) | 5 | 4 | 4 |
| | ئەوانەی کاتە بەتاڵەکانیان بە مەشق و ڕاهێنانی وەرزشی بەسەر دەبەن | 20 | 15.2 | 16.0 |
| | ئەوانەی کاتە بەتاڵەکانیان بە سەیر کردنی بەرنامەی تەلەفزیۆنی بەسەر دەبەن | 52.1 | 62.1 | 56.1 |
| | ئەوانەی کاتە بەتاڵەکانیان بە بەگەڕان لە ناو ئەنتەرنێت بەسەر دەبەن | 57.0 | 53.1 | 40.7 |
| | ئەوانەی کاتە بەتاڵەکانیان بە یاریکردنی ئەلیکترۆنی بەسەر دەبەن | 21.2 | 16.2 | 6 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | جۆری کۆمەڵایەتی وتوندوتیژی و رۆلی لاوان | |
| 25 | 29 | 15.1 | ئەوانەی هاوران خوێندنی کوران گرنگترە لە خوێندنی کچان | (رێژەی سەدی)<br>لاوانی تەمەن (15 - 30) سالی |
| 90.3 | 85.1 | 89.7 | ئەوانەی هاوران دەبێ مێیینەکان بەر لەکردنی هەرکارێك رەزامەندی بەخێوکەریان وەربگرن | |
| 18.0 | 18.7 | 13.3 | ئەوانەی هاوران پیاو مافی هەیە لە هاوسەرەکەی بدات ئەگەر بە گوێی نەکرد | |
| 18.3 | 20 | 14.1 | ئەوانەی هاوران لەسەر پەسندکردنی تاوانەکانی کوشتن لەژێر ناوهێنانی بە تاوانکاری شەرەف | |
| 27.9 | 29.1 | 12 | ئەوانەی کە هاوڕان لەسەر هاوسەرگیری کردنی ئافرەتان لەگەڵ خزمان لەسەر ویستی بەخێوکەریان | |
| 52.4 | 66.4 | 84.6 | ئەوانەی هاوران کوران یارمەتیدەرین هەروەك کچان  لە کاری ماڵەوە | |
| 14.1 | 17.2 | 8.8 | ئەوانەی هاوڕان کە سزادانی جەستەیی منداڵان لەلایەن باوانەوە بنچینەی سەرەکی پەروەردەکردنە | |
| 18.4 | 20 | 17.2 | ئەوانەی لەگەل فرەژنی دان | |
| | | | راگەیاندن و رۆشنبیری و هونەری | |
| 53.5 | 57.6 | 30.5 | ئەوانەی پێیان وایە تەلەفزیۆن وەك ناوەندێکی راگەیاندن گرنگی دەدات بە ئارەزووەکانی لاوان | (رێژەی سەدی)<br>لاوانی تەمەن (15 - 30) سالی |
| 47 | 65.3 | 46.6 | ئەوانەی پێیان وایە تۆرە کۆمەڵایەتیەکان وەك ناوەندێکی راگەیاندن گرنگی دەدات بە ئارەزووەکانی لاوان | |
| 56.6 | 63.8 | 38.2 | ئەوانەی پێیان وایە ئەنتەرنێت وەك ناوەندێکی راگەیاندن گرنگی دەدات بە ئارەزووەکانی لاوان | |
| 3.7 | 2.4 | 8 | ئەوانەی بەبەردەوامی بەدواداچوون بۆ کاروباری نێودەولەتی لە هۆیەکانی راگەیاندن دەکەن | |
| 13.0 | 7.6 | 14.8 | ئەوانەی بەبەردەوامی بەدواداچوون بۆ کاروباری ناوخۆیی لە هۆیەکان راگەیاندن دەکەن | |
| 26.6 | 35.1 | 54.8 | ئەوانەی مارەسەی خوێندنەوە دەکەن | |
| | | | لاوان و وەرزش | |
| 4.1 | 6.4 | 9.8 | ئەوانەی دەچنە کۆریەند و سەنتەرەکانی وەرزش و لاوان | (رێژەی سەدی)<br>هەرزەکاران و لاوانی تەمەن<br>(10 - 30) سالی |
| 95.9 | 93.6 | 90.2 | ئەوانەی ناچنە کۆریەند و سەنتەرەکانی وەرزش و لاوان | |
| 51.3 | 30.4 | 32.9 | ئەوانەی ناچنە کۆریەند و سەنتەرەکانی وەرزش و لاوان بەهۆی  نەبوونی یانە یان سەنتەرێکی لاوان نزیك یان سەختی گەیشتن پێیان | |
| 28.2 | 50.1 | 46.5 | ئەوانەی ناچنە کۆریەند و سەنتەرەکانی وەرزش و لاوان بەهۆی  نەبوونی ئارەزوویان | |
| 40.1 | 36.6 | 61.6 | ئەوانەی وەرزش دەکەن | |
| | | | لاوان و تەکنەلۆجیای زانیاری و تۆرەکۆمەڵایەتییەکان | |
| 57.9 | 67.5 | 84.9 | ئەوانەی خاوەنی ئامێرە ئەلیکترۆیەکانن ( مۆبایل، کۆمپوتەر و لاپتۆپ، تابلێت و ئای پاد، تەلەفزیۆنی مۆدێرن) | (رێژەی سەدی)<br>هەرزەکاران و لاوانی تەمەن<br>(10 - 30) سالی |
| 7.8 | 11.8 | 13.9 | ئەوانەی ئاستی زانیاریان باشە لەبەکارهێنانی کۆمپوتەر | |
| 65.7 | 51.8 | 37 | ئەوانەی نازانن کۆمپیوتەر بەکاربهێنن | |
| 52.3 | 66.3 | 72 | ئەوانەی ئەنتەرنێت بەکاردەهێنن | |
| 25.4 | 39.9 | 47.9 | ئەوانەی یارییە ئەلیکترۆنیەکان دەکەن | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | کەمئەندامی | |
| 0.6 | 6.8 | 6.7 | ئەوانەی کەمئەندام بوون بەهۆی توندوتیژی و کاری تیرۆستی (4.5 خێزانەکان بەرکەوتەی تیرۆرستین) | (ڕێژەی سەدی) هەرزەکاران و لاوانی تەمەن (10 - 30) سالی |
| 40.3 | 35.5 | 31.1 | ئەوانەی رایان وایە کە کەسانی کەمئەندام ئاستەنگیان هەیە لە دەست گەیشتن بە خزمەتگوزاریە پزیشکیەکان | |
| 30.4 | 27.8 | 39.9 | ئەوانەی رایان وایە کە کەسانی کەمئەندام ئاستەنگیان هەیە لە دۆزینەوەی هەلی کار | |
| 1.7 | 2.2 | 2.5 | ئەوانەی ئاستەنگە جەستەیی و کەمئەندامیان هەیە : | |
| 43.5 | 50.8 | 51.9 | - ئەوانەی ئاستەنگە جەستەیی و کەمئەندامیان لە بینین هەیە | |
| 17.5 | 15.1 | 13.3 | - ئەوانەی ئاستەنگە جەستەیی و کەمئەندامیان لە بیستن هەیە | |
| 35.6 | 25.6 | 24.7 | - ئەوانەی ئاستەنگە جەستەیی و کەمئەندامیان لە جولە هەیە | |
| 0.0 | 0.0 | 0.7 | - ئەوانەی ئاستەنگە جەستەیی و کەمئەندامیان لە تێگەیشتن و زانین هەیە | |
| 0.0 | 1.8 | 0.0 | - ئەوانەی ئاستەنگە جەستەیی و کەمئەندامیان لە پەیوەندی هەیە | |
| 4.6 | 7.9 | 3.2 | - ئەوانەی ئاستەنگە جەستەیی و کەمئەندامیان لە چاودێری خۆی هەیە | |
| | | | بەشداریکردن لەچالاکییەکان | |
| 6.7 | 4.2 | 22.9 | ئەوانەی بەشداری چالاکیە کۆمەلگاییەکان دەکەن | (ڕێژەی سەدی) لاوانی تەمەن (15 - 30) سالی |
| 11.2 | 9.2 | 21.6 | ئەوانەی بەشداری چالاکیە خۆبەخشیەکان دەکەن | |
| 12.4 | 9.5 | 30.7 | ئەوانەی بەشداری چالاکیە کۆمەلگاییەکان و خۆبەخشیەکان دەکەن | |
| 1.2 | 1.1 | 4.8 | ئەوانەی ئەندامی کۆڕبەند یان سەنتەرێکی لاوانن | |
| | | | ئارامی و ئاسایش | |
| 16.4 | 29.0 | 10.3 | ئەوانەی ڕاییان وایە لاوازی دامەزراوەی دەولەت کاردەکاتە سەر سەقامگیری و ئارامی و ئاسایشی وولات | (ڕێژەی سەدی) لاوانی تەمەن (18 - 30) سالی |
| 17.1 | 23.3 | 29.1 | ئەوانەی ڕاییان وایە ڕێکنەکەوتنی سیاسی کاردەکاتە سەر سەقامگیری و ئارامی و ئاسایشی وولات | |
| 25.7 | 27.6 | 30.5 | ئەوانەی ڕاییان وایە گەندەلی بەرێوەبردن و دارایی و سیاسی کاردەکاتە سەر سەقامگیری و ئارامی و ئاسایشی وولات | |
| 6.2 | 6.5 | 6.3 | ئەوانەی بەشداری سەربازی و چەکداری کردووە دوای ڕووداوەکانی 2014 | |
| 43.0 | 26.1 | 81.2 | ئەوانەی هەست بە ئارامیەکی زۆر دەکەن لەکاتی ئەنجامدانی کارەکانی ڕۆژانەیان (چوون بۆ قوتابخانە، کار، سەردانی هاوڕێیان ...) | |
| | | | مافەکانی مەدەنی و هاولاتی بوون | |
| 62.6 | 53.8 | 66.6 | ئەوانەی بەشداریان کردووە لە دوا هەلبژاردنی گشتی نیشتمانی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) | (ڕێژەی سەدی) لاوانی تەمەن (18 - 30 سالی |
| 59.3 | 56.5 | 69.7 | ئەوانەی بەشداری دەکەن لە هەلبژاردنی گشتی لە داهاتوو | |
| 10.5 | 9.3 | 30.4 | ئەوانەی ئارەزووی کۆچ کردن دەکەن بۆ دەرەوەی وولات | |
| 46.7 | 44.7 | 38.9 | ئەوانەی ئارەزووی کۆچ کردن دەکەن بۆ دەرەوەی وولات بەهۆی باری ئابووری | |
| 37.0 | 35.3 | 30.2 | ئەوانەی ئارەزووی کۆچ کردن دەکەن بۆ دەرەوەی وولات بەهۆی نەبوونی هەلی کار | |
| 45.2 | 46.4 | 54.4 | ئەوانەی ئارەزووی کۆچ کردن دەکەن بۆ دەرەوەی وولات بەهۆی سەختی بارودۆخی ژیان لە وولات | |
| 8.3 | 15.2 | 14.7 | ئەوانەی ئارەزووی کۆچ کردن دەکەن بۆ دەرەوەی وولات بۆ خوێندن و ڕاهێنان | |